# چین وئەمەریكا....
# چەند وانەیەك لە ئەنشتایینەوە

ن/تۆماس فریدمان
و/هێمن مەحمود
Hemnm1979@yahoo.com

ئەو كاتەی كە لە (چین)بوم و كتێبە تازەكەی (والتەر ئیزاكسۆن)م لەسەر ژیانی ئەنشتاین دەخویندەوە(ئەنشتاین:ژیان وجیهانەكەی))بیرم لەوە دەكردەوە ئەم كتێبە كە تەنانەت ناوی (چین)یش تیادا نیە،كەچی سێبەر وكاریگەرییەكی گە ورەی هەیە بۆ سەر دوو بابەتی گرنگ لە (چین)دا،یەكەمیان:ژیانی ئەم زانایە چیمان پێدەڵێت دەربارەی پەیوەندی ئازادی بە داهێنانەوە؟یان با پرسیارەكە بەشێوەیەكی دیكە بكەین:ئایا چین لەتوانایدا هەیە بگات بەئاستی داهێنانی ویلایەتە یەكگرتوەكانی ئەمەریكا؟وە ئایا توانای هەیە هەیمەنەی خۆی بەسەر سەدەی 21دا بسەپێنێ،كە ئەمەش زۆرێك وەها گومانی دەبەن،لەكاتێكدا لەچین تاوەكو ئێستاش مەقەستی سانسۆر بەسەر پێگەی (گۆگڵ)ی ئەلكترۆنییەوەیە،هەروەها سانسۆرێكی توندیشی خستۆتە سەر كاری سیاسی،لەهەمانكاتدا كە ئابووری بازاڕ ئاراستە دەكات.

دوهەم:چۆن دەتوانین ركابەرێتی چین بكەین،بەچاوپۆشین لەبالآدەستیمان لەرووی ئازادییەوە كە گەنجەكانیان بەردەوام خەریكی خوێندنی ماتماتیك وزانیارییەكانن،لەكاتێكدا كە خوێندكارەكانی ئێمە خۆیان لەخوێندنی ئەم دوو زانستە دەدزنەوە كە پەیوەندییەكی راستەوخۆی هەیە بە تەكنەلۆژیا وبازاڕی كارەوە.

یان باپرسیارەكە بەم شێوەی دیكە دارێژینەوە:

ئەگەر ئەنشتاین لەمرۆدا زیندوبوایە وماتماتیك وزانیاری بەو شێوازە وەرسكەرە بوتایەتەوە كە ئێستا لەخوێندنگا ئەمریكییەكاندا دەوترێتەوە ئایا دەیتوانی تیۆرە رێژەییەكی خۆی كە خەلآتی نۆبلی پێ بەدەستهێنا پەرەپێبدات؟

وە ئایا ئەو ژیاننامەی ئەنشتاین كە (ئیزاكسۆن) نوسیویەتی چیە جگەلە شایەتیدانێكی بەهێز لەسەر ئەوەی كە هیچ شتێك توانای نیە ئازادی لەداهێنان جیابكاتەوە.

لەچاوپێكەوتنێكی رۆژنامەوانیدا كە پاش بلآوبونەوەی كتێبەكە لەگەلێدا سازدراوە نوسەرەكە باس لەوەدەكات كە ئەو بیرۆكە سەرەكییەی كە سەدەی پێشوی بەخۆیەوە خەریككردبوو،بەتایبەتیش خودی ژیانی ئەنشتاین راكردن بووە لەچەوساندنەوە وسەركوتكردن رووە وئازادی،بەجۆرێك كە بەئازادانە بتوانێت كە تەعبیر لەخۆی بكات وبەربەستێك نەبێت لەبەردەم بیرەكانیدا.

هەر ئەمەشە كە ئەنشتاین ئەنجامی دەدات ئەو كاتەی كە لەسیستەمی فێركردن وستەمی سەركوتكردنی شمولی ئەڵمانی هەڵدێت رووە وئیتالیا وسویسرا،ئەو كاتەی كە گەنجێك بووە لەنەوەدەكانی سەدەی نۆزدەدا.

دواتریش لەجەهەنمی نازییەكان هەڵدێت و رووەدەكاتە ئەمریكا،لێرەش لەچالاكییەكانی خۆی بەردەوام دەبێت دژ بە ستالینیەت ومەكارسییەت،ئەویش بەو قەناعەتە قوڵەی كە تاكە دەروازە بۆ داهێنان و خەیاڵ بونی مەرجە سەرەكییەكانی ئازادی فیكرە واتە فیكری یاخی ئازاد.

ئەگەر مرۆڤ سەیری تیۆرە سەرەكییەكانی ئەنشتاین بكات

بەتایبەتیش تیۆری نسیبیەت و گشتی وهەروەها تیۆری روناكی سەرنجی ئەوەدەدات كە هەموو ئەم تیۆرانە لە خەیاڵێكی زانستی یاخی ئازادەوە هەڵقوڵاون،كە بناغە وكۆڵەكەكانی حیكمەتی تەقلیدی تێكشكاند بەپێی وتەی (ئیزاكسۆن).

بڕوای ئەنشتاین وەهابوو كە كۆمەڵگای ئازاد،ئەو كۆمەڵگایەی كە خاوەن بیركردنەوەیەكی یاخی وبێ سنورە،ئەوا ئەو لەپێشترە بۆ ئەوەی داهێنانی زیاتر بكات.

"هەربۆیە دەبوو ئێمە بەسەر چین دا سەربکەوین،چونکە وڵاتەکەی ئێمە هەمیشە دەرگای واڵابووە بۆ هەموو ئەو بیرمەندانەی کە زیاتر ئازاد ویاخین،لەبری ئەوەی هەوڵی سەرکوتکردنی ئازادی فیکر وقەتیسبونی خەیاڵ بدەین".

من راستییەکی گەورە لەم قسەیەدا دەبینم،بەڵام لەهەمانکاتدا هەست بەگرنگی ئەو قسەیە دەکەم کە (بیڵ گێتس) جارێکیان لە چین کردی(فراوانترکردنی بواری فێرکردنی تەکنەلۆژیای کۆمپیوتەر وئەنتەرنێت بۆ زۆرێك لە چینیەکان،هەربەتەنها وەهاناکات کە چین ببێتە بازاڕێکی گەورەی تایبەت بەم تەکنەلۆژیایە،بەڵکو لەهەمانکاتدا دەیکاتە بەشدارێکی گەورەش لەو بازاڕەدا،وە پێویست لەسەرمان کە لەو راستیەش ئاگاداربین کە داهێنانی تەکنەلۆژی لێرە زۆر بەخێرایی بەدیدێت).

بەڵام دەبێت چاودێری ئەوەبکەین کە ئایا ئەم خێراییە دەگاتە خاڵێك کە ناتوانێت ئیدی تێپەڕێت،ئەویش بەهۆی ئەو سیاسەتە شمولیانەی کە چین دەیگرێتەبەر،یان نا؟.

لەنێوان ئەوانەدا،دەبێت گرنگی بە لایەنێکی دیکە بدەین کە (ئیزاکسۆن) لەژیانی ئەنشتاین دا باسی دەکات،ئەوەی کە زۆ مایەی سەرنجە لەم لایەنەی ژیانی ئەو زانایەدا،دوزینەوەی جوانی وداهێنان وخۆشبەختیە لە زانست وهاوکێشە ماتماتیکی وفیزیاییەکاندا.

ئەگەر بێین و ئەم هەستە لە ئەنشتاینەوە بخوازین وبیخەینە ناو مەنهەجی زانست وماتماتیکی زانکۆ وخوێندنگاکانمانەوە ئەوا وڵاتەکەمان "ئەنشتاین"ێکی دیکەی بەرهەمدەهێنا،جا چ پیاو بوایە یان ئافرەت.

سەرچاوە/

رۆژنامەی (الاتحاد)ی ئیماراتی

4/27